وتاری وەزیری پلاندانان لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە هەولێر

بەڕێزان بەیانیتان باش،

دەخوازم لەم بۆنە گرنگەدا بەگەرمی پێشوازیتان لێبکەم لە کوردستان. هیوای کاتێکی شاد و کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتووتان بۆ دەخوازم.

جێگەی گرنگییەکی زۆرە کە بۆ یەکەم جارە نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوەی پلاندانانی ساڵانەی خۆی لە هەولێر ئەنجام دەدات. گرنگی و بایەخی ئەمە دوو هۆکاری هەیە: یەکەم ئەمە بەرجەستەی ئەو گۆڕانکارییە دەکات کە لە بۆچوونی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەدیهاتووە بۆ هەرێمی کوردستان، گۆڕینی تێڕوانین لە کوردستان لە ناوچەی مەترسیەوە بۆ ناوچەیەکی سەوز. هۆکاری دووەم، ئەمە ئاماژەیە بۆ گۆڕینی کارکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بونیاتنانەوە بۆ پەرەپێدان.

بێگومان ئەمە گۆڕانکارییەکی ئاسان نەبوە، بەڵکو هەنگاونان بەرەو قۆناغێکی سەختتر کارێکی سەخت و هەستیارە. پەرەپێدان زۆر گرنگە بۆ هەرێمێکی وەک کوردستان، چونکە چەندین پێشکەوتنی بەرچاو بەدیهاتوون. بەڵام ئەو کارانەی لە پێشمانن زۆر لەوانە زیاترن کە ئەنجامدراون. بەواتایەکی تر گرنگە ئاماژە بدەین بە پێشکەوتنەکان، بەڵام لەوەش گرنگتر مامەڵەکردنە لەگەڵ کەموکوری و هەڵەکان. گرنگترین بەشی پەرەپێدان بریتییە لە پەرەپێدانی بەردەوام و جێگیر، ئەمەش ئەو بەشەیە کە پرۆسەی پەرەپێدان سەختتر دەکات.

لەم بوارەدا ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانن هاوکارێکی باشمان بن. لەمیانەی هاوکاری چەند ساڵی رابوردوماندا، سوودی زۆرمان وەرگرتوە لە زانیاری و ئەزموونی ئەم ئاژانسانە. بەرهەمی ئەم هاوکارییە ستراتیژییە بەڵگەیە بۆ گرنگییەکەی بۆ ئێمە و بۆ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان. پرۆژەی گرنگی وەک بەڕێوەبردنی دارایی گشتی (نەتەوە یەکگرتوەکان و بانکی نێودەوڵەتی) ئێستا بەشدارییەکی باش دەکات لە بەرەوپێشبردنی سیستەمی دارایی هەرێمدا. ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ وەزارەتی پلاندانان بۆئەوەی هەوڵی پتەوکردنی ئەم هاوکارییە بدات و پرۆژەی زیاتری هاوبەش و هاودارایی ئەنجام بدات لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکاندا.

ئێستا دەتوانن دەرئەنجامگیری ئەوە بکەن کە ئێمە پێویستمان بەهاوکاری هەیە بۆ ئەوەی پرۆسەی پەرەپێدان ببێتە پرۆسەیەکی بەردەوام و راگیراو. هاوکات ئومێد دەکەین کە ئەولەویەتەکانتان تەبابن لەگەڵ پێداویستییەکانی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی.

لەڕێگای کار و پەیوەندی رۆژانەوە لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، ئاشنابووین بەوەی کە ئێمە رێککەوتنێکی هاوبەشمان هەیە لەسەر ئەولەویەتەکان. بەڵام دەمانەوێت دووبارەی بکەینەوە کە پێویستە لەکاتی داڕشتنی پرۆژەکاندا هەلومەرجی هەرێمی کوردستان لەبەرچاوبگیرێت.

لەکۆتایدا ئومێدی کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتوو و بەرهەمدارتان بۆ دەکەم و هیوادارم کاتێکی شاد بەسەرببەن لە هەولێر.

سوپاس بۆ گوێگرتنتان

22/11/2010